هەرێمی کوردستانی عێراق

کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن و ڕا پرسی

المفوضية العليا المستقلة للانتخابات والاستفتاء

The Independent High Elections and Referendum Commission

# بڕیاری ئە نجومەنی کۆمسیاران ژمارە ( 51 )

ئەنجومەنی کۆمسیاران لەکۆبونەوەی ئاسایی خۆی لە بەرواری 2018/9/25 بەئامادەبوونی سەرجەم ئەندامانی، لەکۆبونەوەی ئاسایی خۆیدا بڕیاریدا:

1- کرێی بەڕێوەبەری وێستگەی ڕۆژی دەنگدانی گشتی و تایبەت بکرێتە (200.000) دوو سەد هەزار دینار.

2- پێویستە سەرجەم بەڕێوەبەری وێستگەکان یاوەری ڕێکخەری بنکە بکەن بۆگەڕاندنەوەی کەرەستە هەستیارەکان بۆ کۆگای پارێزگاکان و بمێننەوە تا لەلایەن کۆگاوە وەردەگیرێت.

3- ئەگەر بەڕێوەبەری وێستگە یان هەر فەرمانبەرێکی تری کۆمسیۆن کە گرێبەستی کردووە بکشێتەوە و کارەکەی بەباشی نەکات ڕێکاری یاسایی بەرانبەر دەگیرێتەبەر.

4- لەکاتی کشانەوەی بەڕێوەبەری وێستگە شوێنەکانیان بە فەرمانبەرانی بنکەی لاوەکی پڕ دەکرێتەوە.

5- زیادکردنی ڕێکاری وێنەگرتنی دەنگدەران، بەشێوەیەك هەر دەنگدەرێك پێش ئەوەی دەنگ بدات وێنەیەکی نزیکی خۆی و ئەو بەڵگە نامە بگیرێت کە دەنگی پێدەدات، لەلایەن فەرمانبەری وێستگەوە دەپارێزرێت و دەنێردرێت بۆ ئەو هەژمارەی کە کۆمسیۆن بۆی دیاری دەکات و دواتریش لەلایەن فەرمانبەرانی بنکەی لاوەکیەوە ئەو وێنانە وەردەگیرێت و لە کۆمپیوتەری تایبەت بەو بنکەیە هەڵدەگیرێت.

6- دوای کۆتایی هاتنی پرۆسەی جیاکردنەوە و هەژمارکردنی دەنگەکان و تۆمارکردنی لەسەر فۆرمی ژمارە (51) لە وێستگەکانی دەنگدان، بەڕێوەبەری وێستگە هەڵدەستێت بە پێدانی زانیاری لەسەر (ناوی سیانی خۆی، ناوی بنکە، ژمارەی بنکە، ژمارەی وێستگە) پاشتر فۆرمی ژمارە (51) نمایش دەکات و ناوی هەموو قەوارەکان و دەنگە بەدەستهاتووەکانیان دەخوێنێتەوە. هەموو ئەم زانیاریانە بەئامادەبوونی فەرمانبەران و بریکاری قەوارە سیاسیەکان دەبێت و بەشێوەی ڤیدیۆیی تۆمار دەکرێت و دەپارێزرێت و دەنێردرێت بۆ ئەو هەژمارەی کە کۆمسیۆن بۆی دیاری دەکات و دواتریش لەلایەن فەرمانبەرانی بنکەی لاوەکیەوە ئەو ڤیدیۆیانە وەردەگیرێت و لە کۆمپیوتەری تایبەت بەو بنکەیە هەڵدەگیرێت.

7- بریکاری قەوارە سیاسیەکان مافی ئەوەیان هەیە پرۆسەی خاڵی (6)ی ئەم بڕیارە بەشێوەیی ڤیدیۆیی تۆمار بکەن و لای خۆیان بیپارێزن.

ئەنجومەنی کۆمسیاران

2018/9/25